
سلەمانی: 93%ـی هاوبەشان کڕی کارەبایان لە نێوان هەزار بە 100 هەزار دینار بە هاتووتێو



بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای سلەمانی کەتایی بە مشتومڕەکان هێنا و بە زمانی داتا ئاشکرای کرد، کە زۆرینەی ڕەهای هاوبەشانی کارەبا لە سنووری پارێزگاکە، کڕی کارەبای مانگی ڕابردوویان لە نێوان هەزار بە 100 هەزار دینار بووە و ئەوەی باس لە پارەی خەیاڵی دەکرێت، پەیوەندی بە ماڵانەوە نییە.

هەینی، 13ـی شوباتی 2026، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای سلەمانی، ئاماری وردی کڕی کارەبای بە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، زۆرینەی ڕەهای هاوبەشانی کارەبا بڕی تێچووی وزەی بەکارهاتوویان لە ئاستێکی نزم و مامناوەندداید.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەنراوەکدا ئاشکرای کرد، بەپێی داتاکانی بەشی فرۆشتنی وزە لە سنووری هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی کارەبای (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ـی سلەمانی، کە دانیشتووانی ناوشار، دەوروبەری، قەزاکانی (چوارتا، ماوەت، قەرەداغ) و ناحیەی عەربەت دەگرێتەوە، شیکاری بە 362 هەزار و 745 هاوبەشی کارەبا کراوە.

بە پێی ئامارەکە، کە تایبەتە بە خەرجیی کارەبا بۆ ماوەی (20/12/2025 تا 20/1/2026)، دەرکەوتووە کە 93%ی کەی گشتیی هاوبەشەکانی (ماڵان، بازرگانی، میری، پیشەسازی و کشتوکاڵ)، بڕی ئەو پارەیەی بڕیان هاتووەتەوە لە نێوان (1000) دینار بۆ (100,000) دینار بووە.

لە بەشێکی دیکەی راگەیەنراوەکەدا، ئاماژە بەو لیستە کراوە کە بڕی پارەکەیان بڕزە و لە سەرووی ملیۆنێک دینارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ملیارێک دینار؛ کە ئەم ژمارانە تایبەتن بە کارگە گەورەکانی ئاسن و چیمەنتۆ، پڕۆژە پیشەسازییە زۆبەڵاحەکان و مۆڵە بازرگانییە گەورەکان، پێیوەندییان بە بەکارهێنانی ماڵانەوە نییە.

بەڕێوەبەرایەتیی کارەبای سلێمانی داوا لە هاووڵاتییان دەکات، بە هەر پرسیار و تێبینییەک لەسەر لیستی کڕی کارەباکانیان، دەتوانن سەیری شێمەی سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی سلێمانی/ ڕۆژهەڵات لە گووگڵەکی قاڵاوا بکەن بۆ مەبەستی وەرگرتنی ڕوونکردنەوەی پێویست. هاوکات داواش دەکات هاووڵاتییان خۆیان لە سیستمی (KYC) تۆمار بکەن، تا لە مەودوا لە ڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە ئاگاداری بڕی پارەی خەرجیی کارەباکەیان بن.